# شۆڤێنیزمی عەرەبو ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان

**زمناکۆ عزیز**
zmnaco@yahoo.co.uk

ماوەیەکە ژمارەیەك لە سەرانی شۆڤێنی ناو ناسیونالیزمی عەرەب بۆ خۆشکردنی شەڕی ناوخۆو شەڕی قەومی نێوان کوردو عەرەب، کەوتونەتە هێرشکردنە سەر خەڵکی کوردستانو ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە بەرەی جەنگی تائفی لە ناوەڕاستو باشور پشویەك پێبدەنو، جەبهەیەکی تازە لەجەنگێکی خوێناویتر بکەنەوە، ئەویش شەڕی کوردو عەرەبە.

لەم نێوەدا سالّح موتلەگ سەرۆکی یەکێك لەکوتلەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، موقتەدا سەدرو سەرانی تری ناسیونالیزمی عەرەب، بەهەقوناهەق دەستیانداوەتە هێرشێکی هیستریك لەدژی خەڵکی کوردستانو زۆر فریوکارانەش دەستیان بۆ کارەکەیان بردوە، چونکە لێدوانەکانیان وا دێنە بەرچاو کە لەبەرامبەر یەکێتیو پارتیدایەو لەسەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوەیە، بەڵام هەر زوو بەهۆی ماهیەتو ناوەڕۆکی بزوتنەوە شۆڤێنی-ئیسلامیەکەیانەوە دەستەکەیان ئاشکرا ئەبێتو نیازەکانیان ڕۆشن ئەبنەوە.

ئەم قارەمانە نوێیانەی ناو شۆڤێنیزمی تازەی عەرەب، کە لەهیچ سەردەمێكو زەمانێکدا کەس ڕەنگی نەدیبونو دەنگوناوی نەبیستبوون، لەسایەی داگیرکاری ئەمریکادا لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆیانو میراتگرەکانی صدام هاتنە بوون، ئەیانەوێ لەسەری وەستانەوە بە دژی داگیرکاری ئەمریکادا شەرعیەت بە سیاسەتەکانیان بدەنو لەژێرەوەو بەپارەو پولی ئێرانو تورکیاو دەوڵەتانی "سوننی مەزهەب"ی ناوچەکە نفوزی لەدەستچووی خۆیان بگێڕنەوە.

ئەم کۆنەپەرستە ڕاسیستانە، بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان لەسەر زۆرێك لەمەسەلەو کێشەی جۆراوجۆری وەك "ئاڵا"و "کەرکوك"و سەربەخۆیی کوردستان...هتد ، ئەیانەوێ لەسەری ناڕەزایەتیەکانی خەڵکەوە لەبەرامبەر گەندەڵیەکانو ناهەقیەکانی هەردوو حزب- یەکێتیوپارتی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان، هەقانیەت بدەنە قسەکانیانو شەرعیەت بۆ قەوانێکی سواو بگێڕنەوە کە بەدرێژایی زیاتر لەنیو سەدە بەعسەیەکان لێیانداوەتەوە. سالّح موتلەگ دەڵێ " گەلەکەمان لە کوردستان ڕۆژانە خۆپیشاندان ئەکات لەدژی یەکێتیو پارتیو بە حوکمی ئەوان ڕازی نین..."وەلەچەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا بەم ئاوازە چەندین لێدوانیداوە کە خەتەرو ئاگر خۆشکەرن. بەڵام هەر خودی موتلەگو سەرانیتری ناسیونالیزمی عەرەب لەهەموکەس باشتر ئەو ڕاستیە ئەزانن کە کاتێك خەڵك لە کوردستان بە پارتیو یەکێتیو سیاسەتە چەوتەکانیان ئەڵێن "نا"، ئەوا سەدجار بەرامبەر ناسیونالیزمی فاشیستی عەرەبی "نا"ی گەورەتری ووتوەو بۆئەو مەبەستەش قوربانی زۆریداوە.

بەڵام بۆچی موتلەگو دلیمیو صەدرو یەعقوبیەکان، یەکێتیو پارتی ئەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان؟ ئایا ئەوان بە تەنها دژ بەیەکێتیو پارتینو دڵسۆزو خەمخۆری خەڵکی کوردستانن، یان ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە پەیامێکیتر بدەن؟ کاتێك کە میلیشیاکانی صەدرو عومەر لەبەغداو ناوەڕاستی عێراق لەیەکتری ئەکوژنو قەتڵی عامی یەکتر ئەکەن، بۆچی لێدوانەکانیان لەسەر کوردستان ناوەڕۆکێکی چون یەکیان هەیە؟ مەگەر ئەوە هەر ئەوان نین لەسەر ئەوەی کە کەسێك ناوی "عەلی" یان "عومەر" بێت کافیە بۆئەوەی کە بیکوژن، کەچی لەسەر مەسەلەی کوردستانو خەڵکەکەی ڕێکن؟

ئەوان ئەگەرچی خۆیان لەسەر بناغەی سوننەو شیعە پێناسەکردوەو ئەکەن، بەڵام هاوکات ناسیونالیستنو بەم پێیەش مەسەلەی هاوبەشو بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، ئەوەتا لەلوبنانو فەلەستین هەر هەمان ئەم دوو مەزهەبەی ناو ئەو بزوتنەوەیە سەرباری هەمان کێشمەکێشی نێوانیان، بەڵام لەسەر وەستانەوە لە بەرامبەر ئیسرائیل هاوکۆکنو ستراتیژی هاوبەشیان داڕشتوە، ئێستاش بەهەمان میکانیزم ئەیانەوێ سیناریۆی فەلەستینو لوبنان بۆ عێراق بگوێزنەوە. بەم سیاسەتەشیان لەلایەك بەرەکانی جەنگی نێوانیان پشویەك پێئەدەنو پێکەوە جەنگی خەڵکی کوردستان بەهێزەکانیان ئەکەن، تا ئەو کاتەی لەسەر مەسەلەیەك بتوانن ڕێك بکەون، لەلایەکیترەوە ئەیانەوێ بەربگرن بەو خواستەی خەڵکی کوردستان کەخۆی لە جیابونەوەی کوردستانو سەربەخۆیی کوردستان ئەبینێتەوە.

بەڵام ئەم ستراتیژیەی نێوان سوننەو شیعە هەر زوو هەرەس دێنێ، نمونەکەیشی لە بەحرەینو یەمەنو سعودیەو تەنانەت لوبنان نیشانی داوە کەئەم ستراتیژیە لەدرێژ ماوەدا جگە لە چارەسەری کاتیو شکست هیچیتری بەدواوە نیەو نابێت، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان ئەبێت ووشیارانە بەرامەر ئەم شۆڤێنیزمە تازەیە هەڵوێست بگرنو بەوەڵامی عەمەلی بەرەنگاریان ببنەوە، تەنانەت ئەبێت تاڕادەی ئەوەی کە سیاسەتو لێدوانەکانی سەرانی یەکێتیو پارتی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە مەنگەنە بدەنو، ڕێگایان نەدرێت ببنە تەواوکەری ئەو نەخشەیەی ئەوان. ئەگەر خەڵکی کوردستان لەسەر ئەم بەڵای شەڕی قەومیە هەستیار نەبنو لەبەرامبەریدا هەڵوێستی جدی وەرنەگرن ئەوا لەکەرکوك هەمان کارەساتەکانی ڕوانداو بۆسنەوهەرسك دووبارە ئەبنەوە، لەئەگەری ڕوودانی ئەم جەنگە قەومیەدا  پێشبینی ئەوە ئەکرێت سەدان هەزار کەس لەماوەیەکی کاتیی کەمدا ببنە قوربانی. بۆیە خەڵکی کوردستان ئەبێت پێداگرێت لەسەر جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەکوردستان.

جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یەکێکە لەوڕێگایانەی کە بەبەراورد لەگەڵ دەروازەکانیتردا، ئاسانترین‌و بێدەریدەسەرترین ڕێگاچارەیە، چونکە دوژمنانی خەڵکی کوردستان زۆر لەوە بێتواناترن کەبتوانن ببنە ڕێگری گەورە لەبەردەم جیابونەوەدا، هاوکات خەڵکی کوردستان‌و دۆستانی خەڵکی کوردستانیش لەدەرەوە زۆر لەوە بەهێزترن کە بەهەڕەشەو گوڕەشەی تورکیاو ئێران‌و سوریاو خودی ئەمریکا پاشەکشە بکەن. هەموو ڕێگاکان بە زەرەرەی خەڵك تەواو ئەبن جگە لە تەنها ڕێگا کە جیابونەوەی کوردستانە.